# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینی مێژوو:
# بیر و بەرنامە بۆ کوردستان

## نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی
## لە دەرەوەی وڵات 1984- 1998

## (4) چەند ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی بانگەوازی کۆنگرەی گەلی کوردستان

## هەڵوێست 1984

- هی کێیە
هی یەك کەس و دوو کەس نییە، هی هیچ تاقمێك و دەستەیەك و پارتیەك نیە. هاوارێکە بۆ دەربرینی ئازارو ئاواتی گەلەکەمان. لە پێویستی مێژوویی ئەمڕۆمانەوە لەدایك بووە. تەنیا ئەو ساتە نووسراوەو بڵاوکراوەتەوە کە زۆر لەوانەی بە تەنگ باری ئەمڕۆو چارەنووسی گەلەکەمانەوە دێن، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ داوایان کردووە: ڕووناک بیری کورد دەبی دەنگی هەبێ. دەوری هەبێ، دوورە پەرێز نەبێ، بێ پەرێز نەبێ. بەڵام چ دەورو دەنگ و پەرێزێك؟! ئایا دەشێ رووناك بیری کورد خۆی بداتە دەست گەرداوی ڕەشبینی و ناهومێدییەوە؟ ئایا دەبێ ڕووناك بیری کوردیش تەنیا دەورێکی ڕوخێنەرانەی هەبێ؟ بەبێ ئەوەی هیچ بنیات بنێ؟ ڕەفز کا بەبێ ئەوەی هیچ پێشکەش بکا؟! بەلای ئێمەوە. نەء.
2- تەبیعەتی بانگەوازەکە: تەنیا بانگەوازەو پرۆژە نییە.. هۆڵ و ئامادە نەکراوە!! ئەمە تەنیا بیرێکی گشتی یەو بێگومان بۆشایی و کەم و کورتی زۆری تێدایە.. بۆیە داوا لەهەموو حیزب و ڕێکخراوو روناکبیرێك و هەر کوردێك کراوە: بیروڕای خۆی بەرامبەر دەربڕێ. بۆ ئەوەی لە بانگەواز دەرچێ و لە ئەنجامی بیرو ڕاو ڕەخنەو پێشنیازو بۆچوونی زۆرەوە ببێتە پرۆژە. ئێمە ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەوێ: ئایا بە پێویستی مێژوویی دەزانن لەم قۆناغەدا، لەم رۆژەدا لەم بارو دۆخەی ژیانی گەلەکەماندا

کۆنگرەیەکی فراوانی گەلی کوردستان ببەسترێ؟! گەر نا، بۆ؟ گەر ئا، چۆن چاکە بەلاتانەوە؟ ئامادەییتان چەندە؟! ئەوسا چۆن و چی؟! لێدوانی دەربارە بکرێ و لەپێش هەمووانداا روناکبیران و پسپۆران پرۆژەیەکی وا ئامادەکەن واقیع و پێویستییەکانی ئەمرۆمان لە روانگەیەکی بابەتی زانستییەوە دەرببرێ؟

3- ئایا پەلەی تێدایە؟

ئەمە یەکەم جار نیە ئەم بیرە بخرێتر روو و ئەم داوایە بکرێ... جگە لەوەش بەلای کەمەوە مێژووی (2500) ساڵمان وەك نەتەوەیەکی خاوەن نیشتمانی ئێستامان هەیە. بەلای کەمەوە لە سەرەتای ئەم سەدەوە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد بەشێوەیەکی هاوسەردەم هاتۆتە مەیدانەوە. بەلای کەمەوە شەست ساڵە دەکوژرێین و دەبڕدرێین و دەچەوسێنرێیینەوە. ژیان و زمان و کەڵچەرو خاك و ئاومان لەژێر زنجیری دەبابەو ۆپستاڵی داگیر کەران دایە. ئەوە چوار ساڵیشە شەڕی عیراق و ئێران بەردەوامەو ئەو شەڕە راستەو خۆ پەیوەندی بە خوێن و ژیان و خاك و چارەنووسی ئێمەوەیە؟! ئایا هێشتا پەلەیە داوای ئەوە بکەین: ئەگەر نەتەوەین، با بیرێك لەخۆمان بکەینەوە. تەگبیرێك بۆ خۆمان بکەین، دەنگێك بۆ خۆمان درووست بکەین؟! ئایا هێشتا دەبێ ئەم هەنگاوە خەون و خەیاڵ بێ؟!

4- پرۆژەی دی: ئەم بانگەوازە رێ لە هیچ پێشنیازو هەوڵ و پرۆژەیەکی دی بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی یەکگرتووی لاوان و قوتابیان، یان یەکێتییەکی فراوانی نووسەران و رووناکبیران ناگرێ. بەپێچەوانەوە رەنگە رێگاشیان بۆ خۆش کا. کۆنگرەیەکی فراوانی گەلی کوردستان ئەوپەڕی ئاوات و خواستمانە. بەلام چی دیکە دەشێ ئەنجام بدرێ: ئەوە جێگەی خۆنازییەو بەپیرییەوە دەچین. بەلام ئایا ئەوەی تا ئێستا رێگای لەم جۆرە یەکێتییانەش گرتووە: هەر جیاوازی حیزبایەتی نییە؟!

5- بیری سەدەی بیست.

سەدەی بیست 15 ساڵی ماوە.. بۆ فێرنەبین بیر لە پرۆژەی درێژخایەن بکەینەوە؟ بۆ دووربین نەبین؟ بۆ نەخشەی ژیانی سیاسی و رووناکبیری داهاتوومان نەکێشین؟! ئێستا لە تەلەفیزیۆنی بەریتانیادا زانایان و رووناکبیران لێدوانێکی بەردەوامیان دەربارەی چونێتی ژیان لە ساڵی ( 2050) دا هەیە.. بەشداران زۆربەیان ئەوسا نامێنن. بەلام ژیان دەمێنێ.. نەوەکان دەمێنن.. ئەی بۆ ئێمە هەر بڵێین: ( نان ئەو نانە، ئەمرۆ لە خوانە). سەدەی بیست و یەکەم: یانی نەوەیەکی تازەی نەتەوەکەمان کە کوڕو کچی ئێمەن. بۆ وا خۆپەرست بین؟! تەنیا بیر لە ژیانی ئێستای خۆمان بکەینەوە؟!

( ) چیرۆکی پاشا کۆره.
چیرۆك بێ یان حیکایەت، ناوەڕۆکی کارەساتی گەلەکەمان دەردەبرێ. ئەو کارەساتەی دەیان جار خۆی دووبارەکردۆتەوەو دەکاتەوە... بەبێ ئەوەی پەندی لێ وەربگرین. بەبێ ئەوەی راستییەکان تێ بگەین... لینین دەڵێ : ( مەحاڵە بتوانین هیچ جەنگێکی رزگاریخوازی نەتەوەیی تێ بگەین، بەبێ ئەوەی هەل و مەرجە گشتییەکانی ئەو سەردەمە مێژوویی یە تێ بگەین تێیدا دەردەکەوێ)
هەل و مەرجە گشتییەکان: پێکهاتووی بنەکانی مێژوو- و جوگرافیان... لە دەسەی نۆزدەدا خەباتی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی هەل و مەرجی مێژوویی گشتی جیهاندا بەم جۆرە بووە:
1) بەربەرەکانی ناوخۆ:
اآ- دوژمنکاری ( شەخسی) نێوان ئەندامانی خێزانەکانی ئەرستۆکراتی ( میرەکان). هەر ئەندامە ویستوویەتی ئەوانی دی، بەتایبەتی ئەوانەی تەمای میرێتی- یان هەیە لەناو بەرێ.... بۆ ئەوەی خۆی ببێتە سەرۆکی بنەماڵەو میری میرنشینەکە... هەر میرە وای زانیوە تاقە دوژمنی سەرەکی مونافیسەکانی ناوەوەن ( ئامۆزاو خزم و کەس) و گەر ئەوان لەناو بەرێ، ئیدی هەموو شتێکی بۆ مەیسەر دەبێ و دەبێتە مەردی مەیدان و خانی خانان و نەیزانیوە هێزی دوژمنێکی سەرەکی تر دەیکاتە تۆزی بانان؟!
ب- دژایەتی نێوان میرەکان و کۆمەڵانی رەش و رووتی خەڵك.
هەر میرو خێزانێکی ئەرستۆکراتی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی. خەڵکی رەش و رووتی بەکوشت داوە، دوای چەسپاندنی دەسەڵاتەکەشی چەوساندوونیەوەو وەك رەعیەت و مسکێن و کرمانج و خزمەتکار سەیری کردوون......
ج- دوژمنکاری نێوان میرنشینییەکان.
هەر میرنشینییەك، یان دەسەڵاتێکی عەشیرەتگەری ناوچەیی، کە دەسەڵاتی خۆی سەپاندووە، بیری لەوە نەکردۆتەوە، میرنشینییەکەی پێش بخا، ژیانی ناوەوەی (کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕووناکبیریی خەڵك باشتر کا. بەڵکو یەکسەر کەوتۆتە دوژمنایەتی میرنشینی و عەشیرەتەکانی دی و هەموو هێزێکی بۆ لە ناو بردنی ئەوان بە کار هێناوە.. هەر میرە لەبەر کورت بینی و کەمفامی و نەبوونی هۆشیاری مێژوویی و تێگەیشتنی چواچێوەی فراوانی سیاسەتی ناوچەیی و جیهانی، وای زانیوە بە چەوساندنەوەی خەڵك و لەناوبردنی میرنشینییەکانی دی، خۆی دەبێتە خاوەنی کوردستان.. بەڵام لە ئاکامدا، خۆی بەرامبەر دوژمنی سەرسەخت تر و کوشندە تر بینیوەتەوە.
2- بەربەرەکانی دەرەوەیی.

آ- ناوچەیی: بەربەرەکانی کورد و بێگانە:
کوردستان لە ڕووی جوگرافییەوە پەراوێزی دوو ئیمپراتروی گەورەی فارسی و عوسمانلی پێك دەهێنا.. هەر لەو کاتەدا کە کورد خەریکی دوژمنکاری ناوخۆیی بووە، پادشا و سوڵتانەکانی فارس و عوسمانلی چاوی تەماعیان لە داگیر کردن و ژێردەست کردن و تالانکردنی کوردستان بووە.. هەمیشە دوژمانیەتی لە نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆریەتەدا بەردەوام بووە.. بەڵام لەسەر حسێبی ئێمە. ئێمە خوێنەکەمان داوە. خاکی ئێمە وێران داوە. ئابووری ئێمە تالان کراوە. ئەوان هێرشیان بۆ سەر سنووری یەکتر کردووە و ئێمە سنوور بووین. بەڵام کار هەر بەمەوە نەوەستاوە. ئەوان دوژمنکاری ناوخۆی کوردستانیان بۆ سوودی خۆیان بە کارهێناوە. هەریەکە پاڵپشتی هەندێ میر و دەرەبەگیان دژی هەندێکی دی کردووە. ڕەنجەدارنی کوردستان بوونە قوربانی. ئەوان نرخەکەیان داوە: بە خوێن و فرمێسك و ئارەقی ناوچەوانی خۆیان.. بەڵام دەرەبەگایەتیش، بەو چەشنە ستەمگەرییەیە، زۆرتر دەستکردی بێگانە بووە.. ئەو میرە دەرەبەگە نەزان و خۆپەرستانە، باوەڕیان وابوو کە ئەگەر برا و کەسی خۆیان، بە یارمەتی بێگانە لەناو برد، ئەوا بێگانە میریەتی بەوان دەبەخشێ!! بەم جۆرە مێژووی کورد لە خۆربەی کاتی سەدەی نۆزدەدا ئەڵقەیەکی بۆشی دوژمنایەتی ناوخۆ و کار کردن بۆ بێگانە بووە.
ب- بەربەرەکانی جیهانی (نێونەتەوەیی).
بەڵام هەر لەو کاتەدا کە ئیمپراتۆریەتە گەندەڵەکانی فارس و عوسمانلی خەریکی دوژمنایەتی کردنی یەکدی و دەمنان لە خوێنی کورد و چەوساندنەوەی گەلان و کەمێتیە نەتەوەیی‌یەکان و تێکڕایی ڕەنجدەران بوون، ئالەو کاتەدا دیاردەیەکی گەورە و گرنگ لە جیهاندا خۆی دەسەپاند. سەرمایەداری لە ئەوروپادا لەوپەڕی پەرەسەندن دا بوو.. دەوڵەتەکانی ئەوروپایی بوو بوون بە دەوڵەتی بورژوازی سنعەتدا ڕوو بە شوێن ڕێگای بازرگانی و بازاڕی ساغ کردنەوەی کەل و پەل و بە دەست هێنانی کەرەستەی خاودا دەگەڕان. بۆ ئەم مەبەستەش دەیانویست هەموو دنیا بپشکنن و داگیر کەن.. لە سەدەی نۆزدەدا، دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان وەك ئەمڕۆ، بەرەیەکی یەککگرتوویان پێك نەدەهێنا. ئەوانیش هەمیشە لە نێو خۆیاندا مونافەسە و دوژمنکارییان هەبوو.. هەریەکە دەیویست ناوچە دەوڵەمەند و ئیستاتیژییەکانی دنیا بۆ خۆی داگیر کا.. هەرچۆنێ بێ، لە سەرەتایی سەدەی نۆزدەمەوە بە تایبەتی لە نیوەی دووەمیەوە، بەریتانیا و فەرەنسا و روسیای قەیسەری بە تەواوی شوێن پێی خۆیان لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەندا قایم کرد. کەوتنە سەرنج دان و لێکۆڵینەوەی باری

سیاسی و نەتەوەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و کەلتووری ئێران و ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی.. ئەونیش هەوڵیان دا کە هەموو جۆرە ناکۆکی و دژایەتی و دوژمنکارییە ناوخۆیی و ناوچەیی‌یەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار بێنن... پیرە ئیمپریالیزمی بەریتانی چەندەها جاسوس و پسپۆری جۆگرافی و مێژوویی و زمانەوانی بەناو وولاتانی خۆرهەڵاتی نێوەندا بڵاو کردەوە.. بەریتانیا پێشتر تاقیکراوەیەکی دەوڵەمەندی لە حوکمی هیندستاندا هەبووە.. بۆیە ئەو ستراتیژییەی پێکەوە نا ئەوە بوو کە ڕێگا نەدرێ شۆڕشی نەتەوەی هاوسەردەم و پێشکەوتنخواز (لەسەر شێوەی فەرەنسا) لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا ڕوو بدەن. بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاری دا دوو بنکەی دواکەوتن لەو ناوچەیەدا بپارێزێ:

1- دین. 2- عەشیرەتگەری.

هەر لە 1800 ەوە سەفیری بەریتانی لە ئاستامبوڵ دەنووسێ کە بەریتانیا دەتوانێ (شێخەکانی عەرەب) بە تایبەتی شەریفی مەککە بۆ هێشتنەوەی ئەو دوو بنکانە و پاراسنتی بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی لە ناوچەکەدا و زامن کردنی تاڵانی سەروەت و سامانەکەی، بە کاربێنن. هەر لەو کاتیشدا، پیلانی درووست کردنی دوژمنایەتییان لە نێوان موسڵمانەکان و مەسیحییەکانی ناوچەکەدا داڕشت. جگە لەمەش لە ڕۆژاوا، پروپاگەندەیان دژی ئیسلام دەکرد و بۆ ڕای گشتی ئەوروپایان وا نیشاندەدا کە ئیسلام مەترسی لەسەر (غەرب) هەیە و دەبێ خۆیانی لێ بپارێزن!!

بە کورتی بیبڕینەوە: لە کاتێکدا ئەو هەموو چوارچێوەی دوژمنکارییە ناوخۆیانە لەناو خۆرهەڵاتی نێوەندا لە کاردا بوو، هێزێکی جیهانی گەورەتر، بە هێز تر، زیرەك و زۆر زان، خاوەن چەك و تفاقی نوێ و سنعەت، خاوەن پیلان و نەخشەی دووربینانە و شەیتانانە خۆی هاویشتە ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەندەوە: ئەویش هێزی ئیمپریالیزم بوو... ئەم هێزە هەر لە سەدەی نۆزدەمەوە وەك دوژمنی سەرەکی گەلانی ناوچەکە لە کاردا بووە... ئەو هێز و توێژە کۆمەڵییە دواکەوتووانەی دەستنیشان کردوون کە دەتوانێ بیانکاتە بنکەی هێشتنەوەی بەرژەوەندی و دەسەڵایەتی خۆی و هەوڵی داوە، ئەو هێزانە بپارێزێ و بیری کۆنەپەرستانە و سیاسەتی بەگژ یەکەدا کردن بۆ وەستاندنی مێژووی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بە کاربێنێ. لە ئەنجامدا ئیمپریالیزم توانی وڵاتانی ناوچەکە داگیر کا و تا مەست بوو تاڵانیان کا و ئەوسا بە ئارەزووی خۆی نەخشەی سنووری وا بکێشێ و دەوڵەتی کۆنە پەرست و دواکەوتوو دروست کا، کە ئەگەر خۆشی ئامادە نەبێ، ڕەوڕەوەی مێژوو بە قازانجی ئەو بگرێ!.. نەتەوەی ئێمە بوو بە قوربانی ئەو سنوور کێشانە و نەخشە دانانە!!.

مەبەستمان لەم درێژە پێدانە دەرخستنی حەقیقەتی تێهەڵکێشی و پێکەوە گرێدانی ڕووداوەکانی جیهانە.. مەبەستمان ئەوەیە بڵێین: دیاریکردنی دوژمنی سەرەکی و بنکەکانی کارکردنی پێویستییەکی یەکجار گرنگی خەباتی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازانەیە. ئەوە نییە بە دروشم دوژمنی ئیمپریالیزم بین. ئیمپریالیزم کێیە؟ چییە؟ چۆن کار دەکا؟ چۆن دەبینرێ هەستی پێ دەکرێ! ئیمپریالیزم لە ناوچەی ئێمەدا: ئەو سنوورانەن ئیمپریالیزم دروستی کردوون. ئەو حکومەتە کۆنەپەرستانەن هەر لە مەودای جەنگی جیهانی یەکەمەوە ئیمپریالیزم پێکی هێناون... ئەو بیر و باوەڕە کۆن گەندەڵانەن ئیمپریالیزم ڕێگای کارکردنیان بۆ خۆش دەکا.. ئەو پەیوەندییە ئابووریانەن پردێکن هاتنە ناوەوەی ئیمپریالیزم زامن دەکەن. شۆڕشگێڕێتی دروشم و تار هوتاف نییە. سیاسەتی دەرەوەی وڵاتێك نییە وەك لە خوتبە و قسە گوتاری ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکاندا دەردەکەوێ... بەڵکو سیاسەتی ئابوورییە، ئایا ڕژێمێك بازاڕی ناخۆ بۆ کەل و پەلی سەرمایەداری دەخاتە سەر پشت یان نا؟! ئایا سنعەت و ئابووری ناوخۆی بەهێز و سەربەخۆ درووست دەکا یان نا؟! ئایا ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ قازانجی کۆمەڵانی ڕەنجدەر دەکا یان نا؟! ئایا ڕێزی مافی مرۆڤ دەگرێ و ڕێگا بۆ گەل خۆش دەکا خۆی دەسەڵاتی دیموکراتی بگرێتە دەست یان نا؟! سیاسەتی دەرەوە تەنیا عەکس کەرەوەی دەربڕینی ئەم سیاسەتە ناوخۆیی‌یانەیە بۆ نموونە: ئەو باسەی لەم ژمارەیەدا دەیخوێننەوە (پەرەسەندنی سەرمایەداری لە عێراق) دا بۆمان دەردەخا چۆن ئەو کاتەی ڕژێمی صەددام زۆر ئیشتراکی و پێشکەوتنخواز بوو!! ئابووری عێراقی بە سەرمایەدارییەوە دەبەستەوە و ڕێگای بۆ تەقینەوەی فاشیزم خۆش دەکرد!!

ئەمڕۆ لەم سەدەیەی پێشکەوتنی هەرە مەزنی زانست و تەکنۆلۆژیادا، لە سەدەی پێکەوە لکانی توندی هەموو لایەکی سیاسەتی جیهاندا، شۆڕش لەوە دەرچووە دروشم کلێشەی شۆڕشگێڕانەی ڕووت بێ. شۆڕش وەك هەر لایەنێکی دیکەی ژیان زانستە و دەبێ وەك زانست سەیری بکرێ... بەڵام ئایا ئەمڕۆش سیاسەتمەدارنمان بە عەقڵیەتی میر و دەرەبەگەکانی سەدەی نۆزدە ئیش ناکەن؟! ئایا لە کاتێکدا لەسەر کاغەز دوژمنی سەرەکی بە ئیمپریالیزم و کۆنە پەرست دەزانن لە کار و کردەوە و پراتیکدا وا ڕەفتار ناکەن؟!

ئایا ئێستاش دوژمنایەتی شەخسی و ڕەقەبەرایەتی لە نێوان سەرکردایەتییدا زۆر جار جێگەی (دوژمنایەتی سەرەکی) ناگرێتەوە؟! ئایا ئێستاس سیاسەتی حیزبی بە چەشنێك نییە کە حیزبێك هێزی خۆی زیاتر لە بێهێزیی حیزبێکی تری هاو ئامانج دا دەبینێ لەوەی لە دوژمنی سەرەکییدا؟!

ئایا لە جیاتی دەستنیشان کردنی دوژمنی سەرەکی و پێویستییەکانی خەباتی قۆناغی ئەمڕۆمان بە شێوەیەکی ژیرانە و زانستانە و هەستکردنی ویژدانانە بە لێپرسینەوەی مێژوویی، چەند کلێشەیەکی بۆشی بێ ناوەڕۆك دووبارە ناکرێنەوە بۆ لێکدانەوەی هەموو دیاردە و ناکۆکی و شکستی و پاشەکێکان؟!

ئایا ئێستاش دوژمنکاری ناوخۆ بۆ خزمەتی بەربەرەکانی دەرەوەیی واتە: ڕژێمە فاشیستەکانی تورکیا و عێراق و ئێران کار ناکا؟! ئایا ئێستاش دوژمنکاری و دەریای خوێنی شەڕی عێراق و ئێران: دەروازەیەکی فراوان بۆ هێزەکانی ئیمپریالیزم ناکاتەوە؟!

ئەیا ئەو هێزانەی ئەمڕۆش ئەوەندە بە هێزتر و زیرەك تر و شەیتانی تر بین کە بریقە دار ترین دروشمی شۆڕشگێڕانە بە قازانجی خۆیان وەرگێڕن؟!

ئایا بازاڕی ئێران و عێراق و تورکیا: چۆن کار دەکەن؟!

ئایا دەوری هەریەکێك لەوە سێ وولاتە لە بەجێ هێنانی سیاسەتی ئیمپریالیزم بە تایبەتی ئەمریکا، لە ئاستی ڕۆژهەلاتی نێوەند و جیهاندا چییە؟1

پرسیار زۆرن... بەلام وەلام؟1 کوا وەلام؟! کێ وەلامی هەیە؟

7-ئایا ئەم بانگەوازە بیری تەسکی نەتەوایەتی دەردەبڕێ؟!

ناوەڕۆکی بانگەوازەکە ئەوەیە کە ئێمە گەر نەتەوەین با وەك نەتەوە بیر لە خۆمان بکەینەوە و خۆمان بە جیهان بناسێنین. لەو باوەڕەشەوە دەرچووە کە ئێمە نەتەوەین، و گەورەترین نەتەوەیەکین دەولەتی سەربەخۆ یا دەسەلاتی سیاسی سەربەخۆی نەبێ.. ئەوەش بایەخی پێدراوە کە سەلماندنی ئەو باوەڕە مانای دوژمانیەتی گەلانی برای ناوچەکەمان نییە. بەلکو تەنیا وەلامدانەوەیە بۆ مافێکی سروشتی گەلان، مافی خۆ بڕیاردانی چارەنووس. تەنانەت ئەوە سەلمێندراوە کە گەلانی جیهانی ناوەڕاست ئەو کاتە بە تەواوەتی ئازاد دەبن و لە ڕووی ئابووری و پیشەزاییەوە پێش دەکەون کە هەموویان یەك دەگرن، یەکێتی ناوچەیی، جوگرافی و ئابووری و سیاسی فراوان!!.. بەلام هەقمانە ئەوە بسەلمێنین کە ئەم کارە ناتوانرێ بەدی بهێنرێ لە کاتێکدا ( 25) ملیۆن کورد لە کەمترین مافی مرۆڤانە بێبەش بن. بە نیسبەت ئێمەوە خەباتمان تەنیا دیموکراتی نییە. پێش ئەوەی دیموکراتی بێ: ئینسانییە. ئێمە بۆ ئەوە خەبات دەکەین وەك ئینسانی خاوەن زمان و هەست و ویژدان و بیرو هۆش بناسرێین.... ئێمە دەبێ ئەو پلەیە ببڕین ئەوسا بتوانین بەشداری لە خەباتێکی بالاتردا بکەین. سایکۆلۆژیەتی خەباتی نەتەوایەتی ئێمە لەوەدایە. تورك و فارس و عەرەب نوقسانی سایکۆلۆژییان وەك مرۆڤ- لەرووی نەتەوەیی یەوە- نییە،

زمانیان، مێژوویان، ئەدەبیاتیان، عادات و ڕێ و ڕەسم و نەریتیان، هەموو نەك تەنیا پارێزراون، بەڵكو بەشانازییەوە گرنگیان پێ دەدرێ و لە هەموو ڕوویەكی ژیاندا دەسەلمێندرێن. هەموو كارو بارێكی حوكم و فەرمان بەدەست ئەندامانی نەتەوەی ئەوانەوەیە.... ئەوان، گەر وەك چینیش چەوساوەبن وەك نەتەوە، ئەندامی نەتەوەی حوكم بەدەستن. ئەم لایەنە وەنەبێ ( ماركس) پش هەستی پێ نەكردبێ و لێكی نەدابێتەوە (بەڵام ماركسیزم لای حیزبەكانی ئێمە چەند كلێشەیەكە بۆ درووشمی بەیانەكان و بەس). لەباسی گیروگرفتی ( ئیرلەندا) دا ماركس پەیوەندی نێوان كێشەی نەتەوەیی و چینایەتی – كە دوو نەتەوەی جیاواز بگرێتەوە - بەتەواوی ڕوون دەكاتەوە... ماركس، یەكەم جار، وەك خۆی دەنووسێ باوەڕی وابوو كە چینی كرێكاری ئینگلتەرا دەتوانێ ئیرلەندییەكان رزگار بكا.. واتە: مەسەلەكە تەنیا چینایەتییەو بە خەباتی چینایەتی دوور لە كێشەی نەتەوەیی چارەسەر دەبێ، بەڵام واقیع راستییەكی مێژوویی گەورەتری بۆ دەرخست. لە نامەكەیا بۆ ئینگلیز لە 10 كانوونی یەكەمی 1869دا دەنووسێ: ( لێكۆڵینەوەیەكی قووڵتر پێچەوانەی ئەمەی بۆ سەلماندم. چینی كرێكاری ئینگلتەرا قەت ناتوانێ هیچ بەدەست بێنێ هەتا لە ئیرلەندا ڕزگاری نەبێ.. هێزەكە دەبێ لە ئیرلەندا بەكاربێ.. بۆیە مەسەلەی ئیرلەندا هێندە بۆ پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی بەگشتی گرنگە).

Marx The First International and After Penguin. London 1974 PP. 166- 7

لە نامەیەكی كەدا بو( Meyer and Vogt) لە 9ی نیسانی 1870دا دەنووسێ: ( لە ئیرلەندا مەسەلەی خاك تا ئێستا تاقە شێوەی مەسەلەی كۆمەڵایەتییە.. چونكە ئەمە مەسەلەی بوونە، مەسەلەی ژیان و مردنە بۆ زوربەی خەڵكی ئیرلەندا، چونكە ئەم مەسەلەیە هەر لەو كاتیشدا لە مەسەلەی نەتەوەیی جیاناكرێتەوە. بەرووخاندنی ئەریستوكراسی ئینگلیزی لە ئیرلەندا.... پێویستییەكی شۆڕشی پرۆلیتاریا لە ئینگلتەرادا جێ بە جێ دەبێ). هەر ئەو سەرچاوە لاپەڕە 168 لەنامەیەكی دیكەدا ماركس جیاوازی لەنێوان كرێكاری ئینگلیزی و ئیرلەندیدا بەم جۆرە دەردەبڕێ:

(بە بەراوورد لەگەڵ كرێكاری ئیرلەندیدا، كرێكاری ئینگلیزی هەست دەكات خۆی ئەندامی نەتەوەی حوكم بەدەستە، لەبەر عەینی ئەم هۆیە خۆی دەكا بە ئەندامی دەستی ئەریستۆكرات و سەرمایەدارەكان دژی ئیرلەندا، بەم جۆرە دەسەڵاتی ئەوان بەسەر خۆیدا بەهێز دەكا.. ئەو حەز بە ناحەزێتی دینی و كۆمەڵایەتی و نەتەوەیی دژی كرێكاری ئیرلەندی دەكا.. ئەم ناحەزێتییە بە شێوەیەكی دەست كرد لەلایەن ڕۆژنامەكان و دەزگای

پروپاگەندەوە هەر هۆیەکی بەدەست چینی فەرمان بەدەستەوەیە دەپارێزێ. ئەم ناکۆکییە نهێنی زرێتی چینی کرێکاری ئینگلتەرەیە، لەگەڵ ئەوەشا رێکخراوە. ئەو نهێنییە کەوا لە چینی سەرمایەدار دەکا دەسەڵاتی خۆی بپارێزێ و ئەم چینە ئەمە باش دەزانێ). هەر ئەو سەرچاوە لاپەرە 169.
بەکورتی مارکس شۆڕش و ئازادی ئیرلەندا بە مەرجێکی پێشینەی سەرکەوتنی خەباتی چینی کرێکاری ئینگلتەرا دەزانێ.
دیارە بیرێکی سادە و ساویلکە و نەزانانەیە گەر بڵێین گەلی کوردستان بە تاقی تەنیا و دوورەپەرێز لە خەباتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی ناوچەکەوە و خەباتی نێونەتەوەیی گەلان لە چوارچێوەی بەربەرەکانی ئیمپریالیزمدا بۆی هەیە هەبێ و بەردەوام بێ و سەربگرێ. بەڵام ساویلکە و نەزانانەشە گەر بڵێین خەباتی نەتەوەیی کوردستان خاسێتی تایبەتی خۆی نییە و هەروا بەشێوەیەکی تیئوری دەشێ بکرێتە پاشکۆی خەباتێکی دیموکراتی کە (بەبێ کورد) نییە و ناشێ هەبێ!.. بەلای ئێمەوە دروشمی (حوکمی زاتی بۆ کورد و دیموکراتی بۆ عێراق، ئێران.. هتد) دروشمێکی بورژوازی هەڵەیە و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و رێڕەوی مێژوویی خەباتی گەلی کورد و کۆمەڵانی رەنجدەری عێراق و ئێران و تورکیا دەرنابڕێ. دروشمی راستەقینە ئەمەیە (مافی خۆ بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان و ئاشتی و سۆشیالیزم بۆ خۆرهەڵاتی نێوەند).
.خۆ بڕیاردانی چارەنووس مەرج نییە جیابوونەوە بگەیەنێ... جیابوونەوە تەنیا بە شێوەیەکی سەرەتایی "مەبدەئی" و تیئوری دەبێ بسەلمێنرێ.. جەماوەری هەموو گەلەکانی پێ پەروەردە بکرێ. بەڵآم مەرج نییە کورد جیابوونەوە هەڵبژێرێ.هەر کەسێکی زانستانە و پێشکەوتنخوازانە و مرۆڤپەروەرانە بڕوانێتە باری ئەمڕۆ و پاشە ڕۆژی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بارودۆخی مێژوویی و هەلومەرجی جوگرافی بخاتە بەرچاو دەگاتە ئەو ئاکامە بابەتییەی کە تەنیا یەکگرتنێکی فراوانی ناوچەیی هەموو گەلەکانی ناوچەکە، ژیانێکی سۆشیالیستانە و دیموکراتیانە و ئاشتی و ئازادیان بۆ دابین دەکا.. گرنگی دانی ئێمە بە مەسەلەی نەتەوەیی و خەباتی نەتەوەیی گەلی کوردستان لەو باوەڕە پتەوەوە هاتووە کە یەکەم: خەباتی ئێمە ناوەڕۆکێکی دیموکراتی میللی دژ بە ئیمپریالیزمی هەیە و دووەم: سەرکەوتنی ئەم خەباتە مەرجی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی خەباتی سۆشیالیستی کۆمەڵانی رەنجدەری عەرەب و تورك و فارس.
ئەو پێناساندنە دەربارەی واقیعی گەلەکەمان لە بانگەوازەکەدا هاتووە، جیا نییە لەو پێناسانەی زۆر باسکار و رۆژنامەنووسی بیانی ئەمڕۆ دەربارەی کورد پێشکەشی دەکەن. ئێمە تا ئێستا خۆمان، خۆمانمان وەك یەك یەك

گەل و خاك نەناساندووە. بەڵام کەسێکی بێگانە باسمان بکا هەر وەك یەك نەتەوە و خاك باسمان دەکا... واتە کورد: کوردی ئێران و عێراق و تورکیا و سوریا دەگرێتەوە. مەسەلەی کوردیش مەسەلەی ئەوان بە گشتی دەگرێتەوە... بۆ نموونە، ئێمە هیچ شتێکی وامان زیاتر لەو پێناساندنەی (لازاریێف) نەتەووە، کە لە وتارێکدا بە ناوی کورد و مەسەلەی کورد (لە ژمارەی 12 ی مانگی 1983 ی گۆڤاری "ئاسیا و ئەفریقا ئەمڕۆ، و لە "پراڤداشدا" بڵاو کراوەتەوە و د. کمال علی لە ژمارە "5"ی "پێشەنگ"دا کردوویەتی بە کوردی) نووسیوێتی، لازاریێف دەڵێ: (کورد گەورەترین نەژادی "ئێتنی" ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیکن کە لە مافی نەتەوایەتی خۆیان بێ بەشن، لەو کاتەدا کە ئەم میللەتە یەکێکە لە هەرە کۆنترین و دانیشتوانی بنچینەیی خوارووی ڕۆژاوای ئاسیا).

لە کۆتایی ووتارەکەشیدا دەنووسێ:

(گەلی کورد کە "20" ملیۆنە، بە ئاواتی گەیشتنی بە مافەکانی "با لەسەرەتاشدا سادە بێت" لە هەموو پارچەکانی کوردستان، خەبات دەکات لە پێناوی مافی دیاری کردنی چارەنووس کە لە کاتی ئێستادا ئۆتۆنۆمی گرنگترین واتاکانێتی. ئەم خەباتەس سەخت و درێژ خایەنە. دوژمنانی کورد لەبەردەم ئامانجەکانیدا گەلێ کۆسپ و تەگەرەیان داناوە.. بەڵام ئێستا ئاسۆی سەرەتایەکی باش هەیە بەوەی کە چارەسەرکردنی بنچینەیی باری ئاڵۆزاوی بەو جۆرەی کە میللەتی کورد تێدا دەژی. زیاتر بەرەو تێگەیشتن ئەڕوات بە شێوەیەکی فراوان لە هەموو شوێنێکدا بڵاودەبێتەوە). "لە تەرجومەکەی پێشەنگ وەرگیراوە".

ناوەڕۆکی بانگەوازەکەی ئێمەش هەر ئەوەیە.. دۆستانمان و هێزانی پێشکەوتنخوازی دنیا زێتر و زیاتر وەك یەك نەتەوەی خاوەن مافی بڕیاردانی چارەنووس دەمانناسن ڕووداوەکانی جیهان بەرەو ئەوە دەچن ئاڵوگۆڕی نوێ لە سیاسەتی جیهانی و پەیوەندیەکانی نێونەتەوەییدا بەدی بێن. با ئەمجارە دەرفەت لەدەست نەدەین و شوێنی خۆمان لە ڕێڕەوی مێژووودا بکەینەوە. با بەهەر جۆرێك بێ حیسابمان بۆ بکرێ. با خوێنمان تاڵان نەکرێ.

تەنیا ئەو کاتە دەتوانین بە قسە و کردەوە، بزووتنەوەی نەتوایەتیمان وەك بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی ڕزگاری خواز بخەینە ڕوو، دەشتوانین لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕ و دیموکراتەکانی دنیا دا ببینە هاوڕێ و هاوپەیمان.

ئایا هەر هیچ نەبێ هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و پیشەیی و ڕووناکبیرییەکانی کوردستان ناتوانن بەیاننامەیەکی گشتی دەرکەن و چوارچێوەی نەتەوەیی و دیموکراتی و شۆڕشگێڕی مەسەلەی گەلی

کوردستانی تێدا بۆ جیهان ڕوون بکەنەوە؟؟ ئایا ئەمە کارێکی هێندە سەختە بە خەون و خەیاڵ دابنرێ؟! یان: دەردەکە شتێکی ترە!!.